# له گەڵ مرۆڤایەتی پاراستن یا قڕکردنی؟

سەلام عەبدوڵڵا

شەڕی هەڵویستوەرگرتنی هومانیستییە!

کۆرپەکانم، پەیمان بێت،

له شەوەزەنگی نامرۆڤەکان،

له سەر دەست، رۆژتان

بۆ داگرم!

هەمیشە بۆ پێشەوە...

بۆ بەرێز ناڵە حەسەن

فیلسوفی ئەلمانی ئۆدۆرنۆ، پاش کۆمەڵکوژی جووەکان بە گاز، وتی: (پاش ئاوسشڤیتس[1]، چیتر شیعر ناگوترێ.)

شاعیرێکی بلیمەتی کوردرەگەز، پاش چواردە ساڵ بە سەر تاوانی بە کۆمەڵکوشتنی گەلەکەی، شاکارێکی نووسی بۆ سووکابەتی پێکردن[2]!

رەنگە ئێوە پێکەنینتان بێت بەو بەراوردکردنە، بەڵام من قوڕ دەپێوم!

ئەمرۆ لە کوردستاننێت، وتارێکی بەرێز ناڵە حەسەن لە ژێر ناوی (پەرێزی ناسیونالیزم وسەلەفییەتی یەکێتی) م خوێندەوە.
پاش 14ساڵ، بۆ من دەنووسێ: (*گومان لەوەدا نیە، یەکێك لەو فاکتەرانەی کە بووە هۆی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە لایەن رژێمی بەعسی فاشیستەوە، هێنانی پاسدارانی جمهوری ئیسلامی بوو، لە لایەن یەکێتتییەوە بۆ نێو شاری هەلەبجە و ئەو دیوەی کوردستانی عیراق....*) .

لە وەڵامدا دەڵێم:

ئەم شەڕە کە دەیکەم، شەڕی لۆژیك و فاکتی ئۆمانیستییە لە پێناوی گەشەپێدان بە هەڵویستوەرگرتنێکی ئۆمانیستی دژی کۆمەڵکوژیە، وەمی منە بە پرسیاری: گەلێگ کۆمەڵکوژ دەکرێ، لە کوێ راوەستین؟چ ئەگیتاتسیونێك بەرپا بکەین؟

ئەمە کاکڵەی هەموو نووسینەکانە لە سەرەتای دەسپێکردنی کار وچالاکی بۆ کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال. بە داخەوە، بۆ ئەوەی بگەین بە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی شیاو بە قوربانیان، ئێستایش دەبێ خەریکی گەڕان بین بە دوای فاکت لە

---

1- ئەم ئۆردگا کۆمەڵکوژییە بە گاز لە لایەن لەشکری سووری گەلانی 20ملیون خۆبەختکەری یەکێتی سۆڤێت دژ بە فاشیزم، رزگارکرا. نووسەرێك هەیە(شوکر زۆرن) بە هەردوو قاچی دەچێتە سەر ئەو 20ملیون مرۆڤە، بۆ ئەوەی رەوایی بە خۆی بدا، بۆ هەر هەموویان، یەك تەسەکەرە چێ دەکا و ناویان لێ دەنێ ستالین! ئەوەیە خاوەن ویژدان. خوا قبوڵ ناکا، کابرا ئەدیبە و پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، و دژایەتی حیزبایەتی دەکا!

2/ناوی ناهێنم، نەبا خاوەنی کوردستاننێت، بڵێ ئەم وتارەش دووبارەکردنەوەیە و سوکایەتی بە فلانە کەسە، بۆیە ئەم وتارەش بلاو ناکەمە!. من سوکایەتی ناکەم، بە فاکت قسە دەکەم، کاك عومەر و هەموو ساتیەکان ئازادن و مافی خۆیانە چی بلاودەکەنەوە وچی بلاوناکاتەوە. ئەگەر ئەم نووسینانە خزمەت بە هەڵویستی یەکگرتووانەی کوردستانیان و قوربانییەکان ناکا، فەرموون هەموویان بۆ ناو زبڵ خانە بنێرن!

دوای فاکت هێنانەوە لە دژی بیروبۆچوونی نامرۆڤانەی ناو بەرەی قوربانیان! هەمووومان وەك یەك لەناو کاتژمێری 11ی رۆژی 3/16دا بتوینەوە

هەڵویستەکان تا ئێستا بەم شێوەی خوارەوە بووە:

– "رابەرانی کۆمونیزم"وشاعیری گەڵ، نووسەر، رەخنەگری هێژا بەرێز کاك (ح.س.ح) لەیادی جینۆساید دا، باسی هەڵەو کاری چەوتی ناو بەرەی قوربانیان دەکەن.[3]

–کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال داکۆکی لە هەڵویستی یەکگرتوانەی هەموو کوردستانیان، دەکا. گەلی کوردستان وەك مرۆڤ، بە سرووشتەکەی و گیانلەرەکان، نەك ئیدۆلۆژیا و ئاینەکان (هەر هەموویان،لەم پەڕی چەپەوە تا ئەو پەڕی راست، دەنێمە ناو تورەکەیەك و پێشکەشی ئەم زانا و بلیمەتانە دەکەم) روو بەڕووی قڕکردنی بە کۆمەڵ بوون. ئەوی بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بدوێت، پەیوەندی بە کەمپینەکەوە نییە. هەموو قەڵەم لە دەستەکان و چالاکەکانی ناو کەمپین دەبێ ئەو جۆرە کەسانە بە ئاشکرا، رسوا بکەن.

لە دەرەوەی کەمپینیش، بەندە لە چەندین ووتار، گفتوگۆی سەر پاڵتاك و....هتد هەوڵم داوە ئەم بۆچوونە بلاّو بکەمەوە: گەلێك رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بووە، دەبێ بە بێ جیاوازی یەك هەڵویستمان هەبێ دژی کۆمەڵکوژەکە.

وەلێ کاك ناڵە تازە بە تازە هاتووە لە پەیوەست لە گەڵ کۆمەڵکوژی، شتگەلێك باس دەکا، من بە عانەیەکی قەڵپ نایکڕم. بۆ؟

ناچارم بە نموونە هێنانەوەو بەراورد کرد ولاّمی بدەمەوە:

1/ من دەڵێم، جووەکان جینۆسایدکران، ملیونان کەس سووتێنران، تەنها لە بەر ئەوەی جوو بوون، ناڵە دەڵێ: *هیچ قەڵەم فرۆشێك ناتونێ ئەم راستییە بشارێتەوە، بە خۆڵکردنە چاوی خەڵك پەرێزی پڕ لە سات و سەودای جووەکان پاك نابێتەوە...زۆر لە جووەکان کۆمونیست بوون، "دەستیان بە سەر ئابووری ئەلمانی"گرتبوو...هتد، بۆیە جینۆسایدکران!*

2/ من دەڵێم سنتی و رۆما (سیگۆینە، بە کوردی قەرەچەکان) بە دەستی فاشیستەکانەوە جینۆسایدکران. ناڵە دەڵێ: *هیچ قەڵەمێکی شڕ و هیچ بابایەکی سەیروسەمەرەش، ناتوانێ پەرێزی پڕ دزی و پیسی قەرەچەکان پاك بکەنەوە.*

3/ من دەڵێم ناڵە، کوردستانیان جینۆسایدکران، ناڵە تەقەی سەری دێ، سواری ملی خۆی بووە و *باسی شەڕی ناخۆم بۆ دەکا...هتد.*

4/ من دەڵێم هیرۆشیما تاوانێك بوو دژی مرۆڤایەتی، بۆیە هەموو رای گشتی جیهان مەحکومی دەکا، ناڵە دەڵێ: *نەخێر ئەوە مێژووە، تاوانی یابانێکانیش بوو، دەنا ئەمریکا ئەو شارەی نەدەدا بەر بۆمبی ئەتۆمی!*

ناڵە ئای ناڵە، من ناڵە ناڵی مندالّەکانم لە بەرچاوە، کورە ناڵەی بلیمەت، هیچ هێزێك بۆی نییە کۆمەڵکوژی بکا، وەرە تۆیش وەك ئینسانێك لە دژی راوەستە و باسی هەڵە و چەوتی بەرەی ناو قوربانییەکان مەکە، وەرە وەك ئۆدۆرنۆ، هەموو مرۆڤایەتی، هادی عەلەوی و چەندین ملیارد مرۆڤ، لە دژی سیاسەتی جینوساید، لە یەك سەنگەر راوەستین، تاقە پاساو بە کۆمەڵکوژی، تەنها بە هەڵویستی بەرگری لە مرۆڤپاراستن دەبێ، کاك ناڵە و کاك حەمەسەعید دەڵێن، نەخێر ینك وای کردووە!

من دەڵێم، کاك ناڵە تەنها لە پەیوەست لە گەڵ باسی جینۆساید، ناکۆکییە ئیدۆلۆژییەکان شوێنیان نابێتەوە، چونکە فاشیستەکان بە یەکچاو تەماشای ئیسلامی، پارتی، یەکێتی و شیوعی وکۆمونیستی کرێکاری و پاسوك و سەگ و کەر پەپولە

---

3/ پێویست بەوە ناکات سەر لە نوێ هێما بۆ بۆچوونەکمان بکەم، ئەوەی حەز دەکا، تەماشای ووتارەکاتی ترم بکەن، یا راستەوخۆ تەماشای نووسینەکانی حککع و ح.س.ح و ئەوانی تر بکەن.

و كانى ئاوەكانيان...هتد كرد، ژەهرەكەيان بە سەر هەر هەموو باراند) ، ئەمەش تاوانە دژى مرۆڤايەتى، سرووشت و گيان لەبەر، بۆيە دەبێ يەكدەنگ بين، دەنا لە هەموو بوار و بۆنەكانى تر، چى دەوترێ لە نێوان حيزب و ئيدۆلۆژييەكان درووستە و شوێنى خۆيەتى، دەكرێ هەڵويست لە دژى ئەم يا ئەو وەربگيرێت، منيش (بۆ نموونە) لە سەنگەرى تۆ يا هەر هێز و گروپێك رادەوەستم، ئەگەر لە لايەن هێزێكەوە راونران يا مافە سەرەتاييەكان پێشێل كران، ناڵە دەڵێ، نەخێر، كەس ناتوانێ نكوڵى لە راستييەكانى مێژوو بكات!

كە دەشلێم، برا تۆ و ئەوانەى وەك تۆ بيردەكەنەوە، بيانووەكانى دەسەلآتى كۆمەلكوژەكە دەلێنەوە، بەم كارە خزمەت بە پروپاگەندەى ئەو دەكەن، ناڵە باسى"*كۆچرەوى بە كۆمەڵى خەڵكى كورد بۆ دەرەوەى وڵات، راشكاوانەترين و واقيعيترين وەلآمى خەڵكە بە حيزبە دەسەلآتدارەكان و حكومەتەكەيان" دەكا!!*

بۆچوونەكانى ئێوە لە بارەى جينۆسايد ئەم واتانەى هەيە: سەددام هۆى بە دەستەوە هەبووە، هەقى بووە، كۆمەلكوژى كردووە، دەسەلآتێكى وەحشى نەبووە، لە خۆڕا خەڵك بە كۆمەڵ كيمياباران بكا. !

لە نێوان بەرەى مرۆڤايەتى و بەرەى مرۆڤايەتى قڕكردن، يەك وەلآم هەيە: نەخێر بۆ دووهەمەكەى و هەموومان بە يەكدەنگ و بە هەموو چەكێك لە دژيدا راوەستين!

2002/3/27